www.gep-media.com

E: gepgovar@yahoo.com

Tel: 0750 704 3082

گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە

ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١

لە دەستمان دەرچوو

متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە



ژمارە

118

ساڵی شەشەم ٢٠١٠/١١/٢٥

بەکاتی: بە مەهزەلەکردنی سەرژمێری


## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لەبنی دنیاوە پێیراگەیاندین گوایە پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق هاوکات دەبێ لەگەڵ بیرکردنەوە لە لابردن و فتکردنی ئەو هەموو سفرە بێخێرەی سەر دراوی عێراقی، چونکە دوو مەسەلەی چارەنووسسازن و دەبێ هەوڵی جدیی و چرو پرو خریان بۆ بدرێ بۆ ئەوەی هەم لە رووی سەرژمێری دانیشتوان و هەم لە رووی ئابوورییەوە تۆزێک دەوڵەمەند ببین، جا ئێتر هەر نییەتێکی تر لە ئارادابێ ئەوەیان لە پاشماوەی خەبەر عاجیلدا بۆی بگەڕێن.. ل٣٧



## دڕکبژێر

بڕوا ناکەم بە ئاسانی بڕۆن! ل4

لای ئەوان وایە.. ئەی لای خۆمان؟ ل10

ئەم گەندەڵە چاوی کێی گرتووە؟ ل24


**خاوەنی ئیمتیاز**

**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**

**محەمەد قادر**

sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**

**سەردار کێستەیی**

serdar_kesteyi@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە سلێمانی**

**پەروەر**

Tel: 07701492911

**دەستەی نووسەران**

ڕەوف حەسەن

حسن العانی

ڕێبوار ئدریس

نەجات حەمید

سالار حەسەن

کەژاڵ ئیسماعیل

کەریم مودەریس

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**

عەلی مەندەلاوی — عەلی دەرویش

خضیرالحمیری — سەردارکێستەیی

پەروەر — سالم سەلیم

سۆران کوردپوور — ئەحمەد مەندەلاوی

ڕۆستەم زادە (نامۆ) — زێرەڤان ساڵح

سەید مەحمود موکری — ئارام کەلاری

ئاراس باڵاتەیی — سەرتیپ فەتاح

فەرەیدون هاوار — سەربەست ئەفەندی

**نووسەرانی بەشداربوو**

ئەحە نۆکە — بەختیار حەسەن

ڕەفعەت کەرکوکی — شوان غەمبار

کاروان فەتحی — مەنسور دەرویش زادە

توانا حسین شێخانی

ناونیشان: هەولێر- گەرەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی - هەولێر

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**

**ڕزگار فەقێ عەوڵا**

rzgarfaqe@yahoo.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**

**چیار ئەحمەد سالار**

**ماڵپەڕ:**

ڕێباز نەجات

**دیزاین**

چیار ئەحمەد

دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**

هێمن نەجات


هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کڕینی گەپ هەیە، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات

٠٦٦٢٥٠٢٢٢٥ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٣

## سەروتار



- بەمەزەندەی حەدیقەوانەکانی باخچە بێ درەختەکان و بە بۆچوونی نەمام فرۆشە قازانجکەرەکان، دوای ئەوەی ساڵانە لەم وڵاتە بە ملیۆنان نەمام ئەچێنرێت و دواییش لە هەڵمەتێکی ئاونەداندا وشک ئەکرێنەوە، پێشبینی دەکرێت ببینە یەکەم وڵاتی رەنج بە خەسار لە دنیادا!
- بەمەزەندەی زۆرخۆرە خراپخۆرەکان، پاش ئەوەی راگەیەندرا کە سەوزەوات و میوەجات و خۆراکی ئێرانی بەهۆی یۆرانیۆمی پیتێنراوەوە ژەهراوی بوون، چاوەڕوان دەکرێت دەسبەسەراگرتنی تاقیگەکەی لەلایەن ئەمریکاوە زۆر ئاسان بێت، چونکە کوردستانەکەی لای خۆمانە!
- بەمەزەندەی کۆڵبەرو کۆڵنەدەرەکانی بواری کەسابەت و خوێندن، پاش ئەوەی زانرا کە هەر تەلەبەیەکی سەرەتایی جانتاکەی زیاتر لە چوارکیلۆیە، لەوانەیە بۆ موستەقبەل بێکاری نەمێنێت لەم وڵاتە، چونکە ئەگەر تەعینیش نەکرێت، ئەوا حەمباڵیەکەی بەقوەتەوە مسۆگەرە!
- بەمەزەندەی خزمەتگوزارەکانی مەجالی تەکنەلۆجیای قسەکردن و گوێگرتن، دوای ئەوەی لە سلێمانی زیاتر لە سەدا پەنجای شکاتەکان کێشەی موبایلە، چاوەڕوان دەکرێت لە خزمەتگوزاریەکی نوێدا بەرێوەبەرایەتیەکی تایبەت بە پۆلیسی مۆبایل دروست بکرێت و ختوورەی گوێگرتنیان بۆ حساب بکرێت..

## بە مەزەندە



## شاشەی tv یەکان

**نووسینی: تالە tv**

* له راپۆرتێکی تێروتەسەلدا لە دەنگ و رەنگ لە هەمبەر بێ ئاوی ناحییەی زەڕایەن و کەمی خزمەت گوزاری ئەو ناوچەیە لە شاشەی knn دا پیرەژنێکی پیشاندا، بەسۆندەیەک بەردەرگای دەشۆرد، باسی لەبێ ئاوی دەکرد! ئەگەر ئاو نییە ئەوە چییە ئەو پیرەژنە بەردەرگای پێ دەشوات؟ خۆ بەنزین و نەوت نییە؟!

* لەشاشەی ناوخۆی میدیا تیڤیدا گۆرانی هونەرمەند (کمال محمد) لەپڕ بوو بە (قورئانی) پیرۆز! هیچ نییە رەنگە بەشی تەنسیقی ئەم کەناڵە تووشی ئینفیلاتی زەوقی بووبن!!

* لەشاشەی گەلی کوردستانی سلێمانی ناوخۆدا زنجیرە دۆبلاژکراوێکی تورکی بۆ کوردی پیشاندەدات حاڵی حازر.. کە دەست پێ دەکات، دەنوسرێت: کەناڵی هەولێر! کە تەواو دەبێت دەنوسرێت مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ کەناڵی سلێمانی!!

* لە شاشەی سەتەلایتی زاگرۆس تیڤیدا و لە گەرمەی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا بێژەری هەواڵەکان فەرمووی: یەکێتی ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا وا دەکەن کە طارق هاشمی لە سێدارە نەدرێت! ئەم بەڕێزە ویستی طارق عەزیز بڵێت وەڵا طارقهاشمی گوێی لەو قسەیە بێت، لە سێدارەمان دەدات!




## نوکتەی سەفەری

* کابرایەک بەتەمابوو بچێت بۆ دەرەوەی وڵات، پێشی بڕوات، هاوڕێیەکی پێی گوت: زمانی ئینگلیزی دەزانی، ووتی: ناوەڵڵا هیچ نازانم! هاوڕێکەی پێی گوت: هەر قسەیەکت کرد، (ینگ) ی بۆ زیاد بکە، دەبێتە زمانی ئینگلیزی، کابرا سەفەری کرد، ڕۆژێک چوو بۆ چێشتخانە، خاوەن چێشتخانەکە ووتی: چی دەخۆی، کابراش ووتی: برنجینگ لەگەڵ شلەینگ، برنج و شلەیان بۆ هێنا، کابراش ووتی: ئۆخەی فێری ئینگلیزیش بووم، کابرای خاوەن چێشتخانەکەش ووتی: وەڵڵا من کوردبووم ئەگەرنا گوینگیشت نەدەخوارد.








سالار حەسەن

## نامەیەك (لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ حکومەتی نوێی عێراق)

لە وردو زبرو پیرو جوانەوە
لە ماڵبەماڵی کوردستانەوە
لەتاک بەتاکی ئەم میللەتەوە
لە میللەتێکی بە هیمەتەوە
نامە دەنێرین بەکیلۆ و دانە
بگاتە خزمەت ئەو ماقوڵانە
ئەوانەی هەشت مانگ دوای دەردو مەراق
هاتنە سەر کورسی بۆ حوکمی عێراق
دوای ئەوەی حەیاو شەرەفیان بردین
لە کتێبی گینس تۆماریان کردین
دوا چۆڕی نەوتیان وەک شەربەت نۆشی
پیرە وڵاتیان وەک مەڕ دادۆشی
هەشت مانگ پرخەپرخ لەژێر بەتانی
عالەمیان خێل کرد لە چاوەڕوانی
خەریکی کوتلەو کوتلە بازی بوون
دەنگدانیش کرا هەر نارازی بوون
کەس نامەی کەسی نەدەخوێندەوە
هەرکەس و بەیتی خۆی دەهۆندەوە
یەکێ لەشام و یەکێ لە شیراز
دووان لە نەجەف و یەکێ لە ئەهواز
کاتێکیش باسی نەتەوە دەکرا
لە دژی ئێمە دەبوون بەبرا
لە شارەکانی موصڵ و جەلەولا
خۆیان سەر پشک و ئێمەش بۆ ئەولا
لە ئەنجامیشدا کورد ڕێکیخستن
ئاشتی کردنەوەو پێکەوەی بەستن
لەسەدان کێشەی زۆر بقۆەو خەتەر
بوینە کلیلی دەرگای چارەسەر
لەم هەڵوێستەدا ڕاستین یا چەوتین
گرنگ ئەوەیە فریاتان کەوتین
باقی وەسەلام دەی ئێوەش پیاوبن
بۆ پۆستەکانتان تۆزێک شیاوبن






## تەعەجوب

سیستمی شەبەکەی مۆبایل، وایە هەرهەڵەیەک بکەیت راپێچی دادگات دەکەن، بەڵام خۆیان لەسەعاتێکدا ٢٠ نامەی بێسەروبەرە و میلۆدی ئامێز دەنێرن بۆ بەشداربوانی، لەگەڵ جیقەی هەرزەنگێکی نامەکەیدا عەصابی بەشداربووان ئەتەپێنن.

برادەرێک سەیارەیەکی شڕوشکاوی هەبوو ئەوەندە مخالەفەی کردبوو چاری پارەی غەرامەی نەدەکرد! سەیارەکەیان برد لە بری پارەی غەرامەدا!

ناوی تەواوی کەسێکم لەبەرە سوێندی بۆ خواردم وتی: ئەوەندە دەمی پۆلیسی دارستانم چەور کردووە. لەگەڵ خۆیان دەچم بۆ ڕاوە کەوو سوێسکە.

لە دوورەوە پیاوێکیان پیشاندام ناوی لە لیستی حاجیەکانی ئەمساڵدا هاتۆتەوە، وتیان: ئەوە بەڕێ دەکەوێ بۆ حەج و قسەش لەگەڵ ژنەکەیدا ناکات.. خۆش حەج! خۆش حاجی!

کورە بچکۆلەکەم توشی پەتای کۆکە و قوڕگ ئێشە بوو، بردمە نۆرینگە، کاکی نۆرینگە شروبێکی دامێ وتی: بەس مەیدەرێ بۆ گورچیلە خراپە!!

لەناحیەی سیروان مامۆستاکانی رەوزەی ئەو شارەدێیە هەموو رۆژێک دووسێ منداڵ حەسیرمەیدان دەکەن، ئەوەندەیان لێ دەدەن.




